کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-9-2007 16:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەڵگەنامەکان سەرنج بۆ ئەوە دەدەن کە دەزگاکانی هەولگری ئەمەریکی ئەو زانیارانەی کە دەبووە هۆی ئاشکراکردنی هێرش کەرەکان، نەیان گەیاندووتە شوێنی مەبەست - بەشی سێیەم و کۆتایی ... وەرگێڕ: مەهدی کاوانی**

تێبینی:
1-ئەو بابەتە بە زمانی عەرەبی لە لایەن / عسمان تزغارت /پاریس/ 2007/09/11 نوسراوەو منیش (مەهدی کاوانی / بەریتانیا /2007/09/14 لە بەر هەستیاری بابەتەکە بۆ ئەوەی بە زمانی کوردی بگاتە دەست خوێنەران بە ئەمانەتەوە بێ دەسکاری کردن وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە کاتی وەرگێڕانیش پشتم بەوە بەستوە کە ناوەڕۆکەکەی تەواوی مانا بدات نەک وەرگێڕانێکی پیتاوپیتی.
2 – کە بابەتەکەم وەرگێڕاوە بەو مانایە نیە کە من لە گەڵ ڕاستی یان ناڕاستی بابەتەکە بم، کە لێدوانی خۆشم لە سەر نەکردووە، کارەکە بۆ ئێوەی خۆشەویست بەجێ دێڵم. گرنگ ئەوەیە کە خوێنەری کوردی ئاشنا بێت بە ڕای جیاواز.
ئێستاکە شەش ساڵ بە سەر 11ی سەپتێمبەر تێ دەپەڕێ... لە کەمتەرخەمیە، بە ئەنقەستە یان پیلانە، ڕووداوەکە لە شوێن خۆیەتی وساغ نەبووتەوە!!!

کۆلین رووڵی کێیە؟
کۆلین ڕووڵی لێکۆلەرەوەیەکی تایبەتی لقی (ئێف. بی. ئای) بوو لە (مینیا بۆلیس) لە نیسانی 2003 دەست لە کارکێشانەوەکەی خۆی پێشکەش کرد. دەست لە کار کێشانەوەکەشی لە بەر ئەوەوبوو، کاتێ ئەو ڕاپۆرتەکەی خۆی لە 2001/08/16 لە دژی زەکەریا موسەوی ڕاهێنەر لە خوێندنگای فڕۆکەوانی (بان ئام) پێشکەشیان کرد، دەزگای (ئێف. بی. ئای) متەجاوب نەبوون لە سەر مەترسی موسەوی، پێش ئەوەی 11ی سەپتێمبەر ڕوو بدات. ئەوان نەیان هێشت جانتاکەی بپشکنم. چونکە، ئەو زانیاریانەی ئەو لە دەزگای هەوالگری فەڕەنسی پێ گەیشتبوو لە ڕێگەیەوە دەی زانی کە موسەوی پەیوەندی بە کاری تیرۆرستی هەیە. ئەو وای بۆ دەچوو ئەگەر بێت و ئەو زانیاریانەی لە ناو کۆمپیوتەرەکەی موسەوی نوسراوە دەریان بهێنابایە، ئەوا 11ی سەوپتێمبەر ڕووی نەدەدا.



ناوی کۆلین ڕووڵی لە ساڵی 2002 کەوتە ناوانەوە. ئەو کاتانە بوو کە گۆڤاری (تایم) نامەیەکی پێچراوی 13 لاپەرەیی پێ گەیشت کە ئاراستەی (ڕۆبەرت مولیری مودیری (ئێف. بی. ئای)) کرابوو، لە هەمان ساڵ. نامەکەش باس لە هەلسوکەوتی نابەجێی دەزگای (ئێف. بی. ئای) دەکات کە لێپرسراوانە لە سەر 11ی سەپتێمبەر بە کارەکانی خۆیان هەڵنەستاون و کەمتەرخەمیان کردووەو زانیاریەکانیان بە ئانقەست داپۆشیوە تا بڵاو نەبێتەوە. زانیاریەکانیش هەر هەمووی لە گەڵ ئەو زانیاریانە تێک دەکاتەوە کە لە ناو نامەکانی موسەی دا هاتووە. چونکە دەبێ ئەوەش بڵێین موسەوی لە زیندان هەموو شتێکی لێ قەدەغە کرا بوو واتە نەیان دەهێشت کەس دیدەنی بکات یان گوێ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕاگرێ و ناشبایە ڕۆژنامە بە دەستی بگەیشتبایە.
دۆکمەنیوتی ژمارە :3

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوو لاپەڕە بەخۆوە دەگرێ لە سەرەوەی لاپەڕەکە ناونیشانی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی لە سەرە. لە هەردوو لاکانی ناواخنێکی تیا نوسروە دەڵی: تکایە کەس کۆپی نەکا (do not copy) . بەو ناوەی کە دەگەڕیتەوە بۆ (ئێف. بی. ئای) . لای ڕاستی بەرواری 2001/07/10 ی لە سەر نوسراوە لە بەرامبەرەکەشی واتە لای چەپی ئیجرائاتی ڕۆتینی تیا نوسراوە. لە ژیریشی فۆڕمی زانیاری و لای چەپەکەشی ئەو شوێنانەی کە بۆیان دەنێردرێ (بەرژەوەندی لە ناو بردنی تیرۆڕیست، و لقی نیۆیۆڕک) نوسراوەو لە بەردەمیشی بە لای ڕاست: گرنگی پێ دان... (ناوی کەسەکان بۆ بەرژەوەندی لە ناو بردنی تیرۆڕیست لە نیۆیۆڕک ناوەکانیان و کارەکانیان بە نادیاری خستۆتە ڕوو پێش ئەوەی بخەنە ئەرشیف) . لە دێرەکانی بەرامبەری شوێنی نێردراو کە دەکاتە (نوسینگەی فیکس) پەیوەندی بە لێکۆلەرەوە تایبەتیەکە نوسراوەکە ئەو ڕاپۆرتەی ئامادە کردووە (لێرەش ناوەی ئەو کەسەی کە ڕاپۆرتەکەی ناردبوو بە نادیاری خراوەتە ڕوو) ، بەڵام ڕاگەیاندنی ئەمەریکی دوا تر ئەو ناوەی ئاشکرا کرد کە (کینیز ویلیامز) ە.

دۆکمەنیوتەکە دەڵێ: (ئامانج لەو ڕاپۆرتە ئاگادارکردنەوەی نوسینگەی (مەبەست بنکەی ناوەندی (ئێف. بی. ئای) و نیۆیۆرک واتە لقی نوسینگەکە لە نیۆیۆرک) لەوانەیە هەولدانێکی ڕیکخراو هەبێت لە لایەن ئوسامە بن لادن کە قوتابیەکانی خۆی بنێرێ بۆ ئەوەی لە زانکۆکان و خوێندنگاکانی فڕۆکەوانی وەربگیرێن. (فینکس) یش بە مەبەستی لقی (ئێف. بی. ئای) لە فینکس) ە کە ڕاپۆرتەکە لێیەوە هاتووە. ئەگەر سەرنج بدەی دەبینی ژمارەیەکی کەم نینە ئەوانەوی بە دوا چون دەکەن لەو مەلەفە یان کۆتاییان بە پێداچونەوەکانیان لە دانیشگەکان وخوێندنگاکانی وا بەستە بە فڕۆکەوانی لە ولایەتی ئەریزۆنا هێناوە.

کەم نینە ئەوانەی بەدواداچون لە خوێندنی ئەو جۆرە خوێندنگایانە دەکەن. فەتوای واش هەیە.. (کە هەندێ دێر بە نادیاری نیشان دراون، پێ دەچی سەرچاوەکانی فەتواکان بن) لە ڕێگەیەوە وات لێ دەکات کە بلێی ئێستاکە توانایەکی ڕێکخەر هەیە بۆ پێک هێنانی ئەلقەیەک لەو کەسانەی کە تەخویل کراون ڕۆژێک لە ڕۆژان کار لە بواری فڕۆکەوانی مەدەنی بکەن بە ناو هەموو جیهان. ئەوانە پاشەڕۆژی ئەوە پێک بهێن کە ڕێگەیان پێ بدرێ جموجۆلی کاری تیرۆڕستی لە بواری فڕۆکەوانی مەدەنی ئەنجام بدەن.

لقی (ئێف. بی. ئای) پێیوایە دەبێ (ئێف. بی. ئای) لیستێک بە ناوی هەموو دانیشگاو خوێندنگەکانی فڕۆکەوانانی مەدەنی لە هەموو وڵات ئامادە بکات. دەبێ لقەکانی مەیدانی (ئێف. بی. ئای) کە ئەو جۆرە خوێندنگایانەیان تێدایە لەو ناوچانەی کە دەکەونە ناو لێپرسراوەتیان، دەبێ کەناڵی پەیوەندی بە یەکەوە کردنی گونجاو لە نێوان خۆیانەوە پێک بهێنن. دەبێ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی (ئێف. بی. ئای) لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە بکات لە گەڵ یەکەکانی تری دەزگای هەواڵگری، دەبێ وەڵامی هەموو ئەو دەزگایانە بداتەوە کە لە ریگایانەوە گومانیان خستۆتە سەر لقی فینکس. دیسان پێویستە لە سەر بەڕیوەبەرایەتی ناوەندی کە پێویست بە بەدواچوونی لێکۆڵینەوەیی بکات و زانیاری لە دەزگا گومرگیەکان وەربگرێ دەربارەی ئەو کەسانەی کە ڕێگەیان پێ دراوە بێنە ناوەی وڵات و لە ناو ئەو جۆرە خوێندنگایانە قبووڵ کراون. دەبێ دەزگای (ئێف. بی. ئای) مەیدانی کە بەرپرسیارە لە وەرگرتنی ئەو کەسانە کە ڕوودەکەنە خوێندنگای فڕۆکەوانی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

لقی فینکس لە (ئێف. بی. ئای) دەڵێ لە خۆڕانیە کەسانی لەو بابەتانە کە سەر بە بن لادن بن و ڕەوانەی خوێندنگاو دانیشگاکانی ولایەتی ئەریزۆنیایان دەکەن...

دۆکمەنیوتی ژمارە 4:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خوێندنەوەیەکی 178 لاپەڕەییە لە ژێرناونیشانی سیسیۆلۆجیاو بسیکۆلۆجیای تیرۆڕستی: کێنە ئەوانەی دەبنە تیرۆڕست؟ لەبەرچی؟، لە لایەن دەزگای لیکۆڵینەوەی فیدراڵی ئامادەکراوە کە سەنتەرێکی دراساتی هاوبەشە لە نێوان دەزگا جۆراو جۆرەکانی هەواڵگری ئەمەریکی. ئامانجی دابین کردنی پێداویستیەکانی دەزگاکانەلە لێکدانەوەو دراساتی نهێنی لە بواری ئاسایشی (ئەمنی) . ئەو دراسەیە لە لایەن (ڕیکس. ای. هیودسن) لە ئەیلولی 1999نوسراوەتەوە.

واتە ڕێک دوو ساڵ بەر لە 11ی سەپتێمبەری 2001.

لە خوارەوە هەندی لە پوختەی بەشی دووەمی، بە (ناونیشانی شێوەی نوێ لە سیناریۆکانی گوشاری تیرۆڕستی)

لێرەدا قسە لە سەر چوار کۆمەڵ دەکەین، دوو بزوتنەوەی یاخی بوی چەکداری وکۆمەڵێکی تیرۆڕستی وتایفەیەکی دینی، ئێستاکە سەرکێشی کردنەکانیان گەیشتۆتە ڕادەی مەترسیەکی تایبەت و خستنە سەری گوشاری تیرۆڕستی بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. ئەوانەش نمور تامیل، حزب الله، قاعیدە.

یۆمشینریکیو (ڕاستیەکی بەهای یابانی) .

گوشاری تیرۆڕستی ئیسلامە ئسولیەکان بە سەر بەرژەوەندی ئەمەریکی بە شێوەیەکی تایبەت تەقاندنەوەکەی دوو سەفارەتەکەی ئەمەریکی بوو لە کینیا و تنزانیا لە لایەن قاعیدەوە لە تەمووزی 1998. دوا بە دوای ئەو دوو ڕووداوە بەهێزە کە بووە هۆی ئەوەی گوشار بخاتە سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە هەموو جیهان، ناوی ئوسامە بن لادن وەک تیرۆڕستێکی بەهێز کە لە توانای هەبێت لە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە هەموو جیهان بدات کەوتە ناوناوانەوە. بن لادن نمونەیەکی نوێی تیرۆڕستیە و بزنسمانێکی کەرتی تایبەتیەو موئەسەسەیەکی مالی هاوچەرخی بەهێزی لەبن دەستدایەو بۆ خزمەتکردنی تۆڕی تیرۆڕستی جیهانی بەکاری دێنێ.

لێدانی چاوەڕوان کراو لە لایەن قاعیدەوە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو هێرشە ساڕوخیەی کە کردمانە سەر بنکەکانیان لە 1998/08/20لە ئەفگانستان لەوانەیە شێوەی جوراوجۆر لە هێرشە تیرۆڕستیەکانیان وەربگرێ کە لە پایتەختمان بدرێ. قاعیدە قونبەلەی مودەمڕ لە جۆری شیشانی کە بینایان هەڵدەتەکێنێ لە هێرش کردنەکانیان بۆ سەر بینایەکانی فیدراڵی بەکاری دینێ. ئینتیحاریەک یان دوان کە سەر بە فەیلەقی شوهەدائن لە ناو ڕێکخراوی قاعیدە فڕۆکە مینرێژکراوەکان بە موتەفەجراتی بەهێزلە جۆری (سی-4) یان (سیمتکس) بەکار دێنن بۆ ئەوەی فڕۆکە مینرێژکراوەکان بە بنتاگۆن یان بنکەی ناوەندی (سی-ئێی-ئەی) یان کۆشکی سپی دادەن.

مونەسقی پێشتری لەناوبردنی تیرۆڕستی لە کۆشکی سپی:ئەگەر چۆلەکە لە سەر لکە دارەکی بەبێ موبەرر کەوتە خوارەوە، ئێوە جەرەسی مەترسی لی بدەن!

لە موزەکەراتەکانی کە لە بەهاری 2004، لە ژێر ناونیشانی (دژی هەموو دوژمنان) ، مونەسەقی فرقەی لەناوبردنی تیرۆڕیست لە کۆشکی سپی، ریتشاردکلارک دەگێڕیتەوە کا ئەو زانیاریانەی گەیشتۆتە هەولگری ئەمەریکی لە بەهاری 2001 ەوە دەست پی دەکات. لێیان ڕوون وئاشکرا بوو کە قاعیدە کارێکی تیرۆڕستی گەورە لە سەر خاکی ئەمەریکی ئامادە دەکات.

هەروەها دەڵێ: لە هەفتەی یەکەمی تەموزی 2001، کۆبوونەوەیەک بۆ لەناوبردنی تیرۆڕ لە کۆشکی سپی کرا. فەرمان درا هەموو دەزگاکانی هەواڵگری کە خۆیان لە حالەتێکی گەوارئی قێوا دانێن، دەبی هەموو پشوەکان وئەو هاتوچۆیانەی کە پیشتر لە لایەن ئەوانەی لە دەزگای لەناو بردنی تیرۆڕ کاردەکەن ڕاگیرێ. داوا لە هەموو دەزگایەکان کرا کە ئاگادارمان بکەنەوە لە سەر هەر فەرمانیکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نادیار. باس لەوە دەکا ئەگەر چۆلەکە بەبی موبەررێکی مەعقول لە سەر لقی دار کەوتە خوارەوە، ئەوە نیشانەی مەترسیەو یەکسەر جەرەسی مەترسی لێ بدەن! داوا لە (ئێف. بی. ئای) کرا کە بە خێرا هەر 18 هەزار دەزگاکانی ئاگادار کاتەوە، داواش لە وەزارەتی دەرەوە کرا کە ئاگاداری هەموو سەفارەتەکان بکات، داواش لە وەزارەتی بەرگری کرا کە سیستەمی گەوارئی (دەلتا) بەکاربینێ. رۆژی دواتر لێپرسراوانی فرۆکەوانی مەدەنی وگومرگ وچاودێری کەنارەکان کۆبوونەوەیەکیان بەست بۆ ئاگادار کردنەوەیان لە هەمان شت. داوایان لی کرا کە چاودێری کردن لە فرۆکەخانەکان و بەندەرەکان چرتر بکەن...

هەروەها دەڵێ: لە شوێنێک لە نوسینگەی سەر بە (سی -ئای -ئەی) زانیاری ئەوە هەیە کە دوو تیرۆریستی سەر بە قاعیدە، مەبەستی نەواف حازمی و خالید محچار بوو خۆیان گەیاندۆتە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەو دوانە لەو کاتەی کە مودەمەرەی (کۆل) لە یەمەن تەقێنرایەوە لە لایەن تۆری هەوالگری ئەمەریکی چاودێر کرابوون، بەڵام لە بیر کراوە بخرێنە لیستی ئەو ناوانەی کە رێگای سەفەر کردنیان بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکی پێ نادرێ.... نوسینگەیەکی تری (ئێف. بی. ئای) راپۆرتی تریان پێشکرش کردبوو باس لە جموجۆلی نادیار دەکات لە خوێندنگاکانی فرۆکەوانی لە ئەریزۆنا. ئەو زانیاریانە کە هەموویان لە بن دەستی دەزگاکانی هەوالگری ئەمەریکی بوو، زۆر مەترسی دارترن لە کەتنە خوارەوەی چۆلەکە لە سەر لقی دار، بەڵام کەس جەرەسی مەترسی لێ نەدا کە داوایان لێ کرابوو.

وەرگێر: مەهدی کاوانی /بەریتانیا /2007/09/14
mahdikawani@yahoo.co.uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.